# دادگاییکردنی کۆمونیستەکان
# لە کوێلن

لندەن، چوارشەمە، ١دیسەمبەر ١٨٥٢

کارڵ مارکس

من زۆر لەو بڕوایەم کە ئێوە، بە ڕێگای ڕۆژنامەگەری ئۆروپاوە، ڕاپۆرتێکی زۆر لە بارەی دوا دادگایی بەناوبانگی دژ بە کۆمونیستەکان لە بروسیا و سەرئەنجامەکەی بەدەستگەیشتووە. بەڵام لە بەر ئەوەی تاقە یەك ڕاپۆرت دەست ناکەوێت، ڕووداوەکان هەندێك بە شێوەیەکی درووست پیشانبدەن، و لە بەر ئەوەی ئەو ڕووداوانە تیشکێکیی درەوشاو ناخەنە سەر ئەو ئامرازە سیاسییانەی وا کیشوەری ئۆروپا بە کۆتکراوی دەهێڵنەوە، بۆیە منیش بە پێویستی دەزانم، بگەڕێمەوە بۆ باسکردنی ئەم دادگاییکردنە.

بە هۆی نەهێشتنی مافی کۆمەڵەو کۆبوونەوەکان، حیزبی کۆمونیست یا پرۆلیتاری، وەك حیزبەکانی تر، توانای دامەزراندنی ڕێکخستنێکی شەرعییانە بۆ خۆی لە کیشوەرکە، لە کیس چوو. سەرباری ئەوەش، سەرکردەکانی لە وەلاتەکانیان دەرکران. بەڵام هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێ بە بێ ڕێکخستن هەبێ. ئەگەر بۆرژوا لیبراڵەکان، وەك خوردە بۆرژوا دیموکراتەکان، لە بارودۆخ و ئیمتیازی ماددیدا بن، و ئەگەر بە هۆی پەیوەندی ڕۆژانەی کۆنی نێو ئەندامەکانیان، توانیان تا رادەیەك شوێنی ئەم جۆرە ڕێکخستنە بگرێتەوە، بەڵام پرۆلیتاریای بێ بەش لەم جۆرە بارودۆخە کۆمەلایەتییە و لە سەرچاوەی پوولی، ناچار بوو، لە ناو یەکێتییە نهێنییەکاندا، بۆ ئەم ڕێکخستنە بگەڕێ. بۆیە چ لە فەرەنسا یا لە ئەلمانیا، چەندین کۆمەڵەی نهێنی، پێکهات. ئەمانەیش، لە ١٨٤٩وە، پۆلیس یەك لە دوای یەکیان ناسییەوەو وەك

ڕێکخراوگەلێکی پیلانگێڕ جێی پێیان هەڵدەگرت. هەر وایش بوو، زۆربەی ئەم کۆمەڵانە، ڕێکخراوی پیلانگێڕ بوون، بۆ ئەوە دامەزرابوون، حکومەتی باڵادەست بڕوخێنن،- ترسنۆکە ئەوەی هەوڵی ئەوە نەدا، لە بارودۆخێکی دیاریکدراودا، پیلان بگێڕێ، وەك چۆن گیلایەتی بوو، لە بارودۆخێکی تردا بەوە هەستن- بەلاّم سەرباری ئەوەش، کۆمەڵەگەلێکی تر هەبوون، دەیانویست بە ئارمانجی بەرین و بەرزتر بگەن- کۆمەڵەی وا هەبوو، دەیانزانی کە ڕوخاندنی حکومەتی باڵادەست، تەنها قۆناغێکی گواستنەوەیە بۆ خەباتێکی مەزنتر، هەوڵی دەدا حزبێك پێکهێنێ، خۆیشی ناوکەکەی بێ، ئامادەی بکات بۆ دوا جەنگی لابەلاکەر کە هەر دەوایە، زوو یا درەنگ، لە ئۆروپادا، نەك تەنها دەسەلاّتی((زۆرداران))و ((چەوسێنەران))و((زەوتکەران))لەناوببەن، بەڵکو دەسەلاّتێکی بەهێزترو ترسناکتر کە لە گەڵیدا بەراورد ناکرێن لە ناوببات، ئەوەش دەسەلاّتی سەرمایەیە بە سەر کار.

ڕێکخستنی حیزبی شیوعی، کە لە ئەڵمانیا لە بەرەی پێشەوە ڕاوەستابوو، لەم چەشنە ڕێکخراوە بوو. ئەم حیزبە، بە دەسپێك لە((بەیاننامە))(لە ساڵی١٨٤٨)وە، ئەو بابەتە گەشەپێدراوانە لە زنجیرە ووتارێکدا((شۆرش و دژی شۆرشی لە ئەڵمانیا)) کە لە(نیویۆرك دیلی تریبونە)بلاّوکرانەوە، وەهرگیز ڕۆژێك خۆیی بە وەهم نەبەستەوە. دەیتوانی بەو شۆرشە هەستێت، کەی و چۆن بیوستبا، کە بە بێ گومان ئامانجەکەی بە کردەوە بە دەست بهێنێت. ئەو حزبە هەستا بە تۆژینەوەی ئەو هۆیانە کە بزووتنەوە شۆرشگێرەکانی ساڵی١٨٤٨بەدواوەوەی هاتن و هۆکانی سەرنەکەوتنیان.

لە بەر ئەوەی ئەو حیزبە وای دەبینی کە ناکۆکییە کۆمەلاّیەتییەکانی نێو چینەکان لە بنچینەی گشت تێکۆشانێکی سیاسییدا هەڵدەکشێ، بۆیە هەستا بە لێتۆژینەوەی ئەو مەرج و بارودۆخانە کە دەتوانرێ و دەبێ لە سێبەریدا، چینێکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراو، بۆ نوێنەرایەتیکردنی گشت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو پاشان بۆ حوکمڕانی سیاسی، پێشوازی لێبکرێ. مێژوو پیشانی حزبی کۆمونیستی دا، بە چ جۆرێك

سەریهەڵدا و گەشەی کرد، پاشی ئیریستوکراتی عەقاری لە سەددەی ناوەڕاست و زلهێزی پوولی سەرمایەدارە یەکەمەکان کە پاشان دەستیان بە سەر دەسەلاّت گرت و چۆن جێگای کۆمەلاّیەتی و دەسەلاّتی سیاسی ئەم گروپە پوولییە لە سەرمایەداران لە ژێر فشاری سەرمایەداری پیشەسازیی بەهێزبوو، لابرا-لەو کاتەوە دەست بە بەکارهێنانی هەڵم کرا-و چۆن دوو چینی تر بە هەمان شێوە، دەسەلاّتخوازیان، رادەگەیەنن، چینی خوردە بۆرژوا و چینی کرێکارە پیشەسازییەکان.

ئەزمونی شۆرشگێڕی عەمەلی لە۱۸٤۸-۱۸٤۹دووپاتی درووستی ئەو نرخاندنە تیئۆرییانەی کرد، کە بەرەو ئەو سەرئەنجامە گەیشت و وتی، دەبێ یەکەم جار ڕۆڵی دیموکراتی خوردە بۆرژوازی بێ، پێش ئەوەی چینی کرێکاری کۆمونیست ئەو هیوایانەیانە هەبێ لە دامەزراندنی دەسەلاّتەکەیان لە ناو بۆتەی خەباتی بەردەوام وسیستێمی کۆیلایەتی کرێکرتە کە لە ژێر دەسەلاّتی بۆرژوازیدا دەیهێڵتەوە، لە ناوببات. لە بەر ئەم هۆیانە، نەدەکرا ڕۆخاندنی حکومەتە بالاّدەستەکان لە ئەلمانیا، بێ بە ئامانجی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی نهێنی کۆمونیستەکان. ئەو ڕێکخراوانە بۆ ئەوە دانەمەزران، ئەم حکومەتانە بڕۆخێنن، بەڵکو بۆ ڕوخاندنی حکومەتی سەرکێشەکان کە هەر دەبێ، ئەورۆ یا سبەی، شوێنی ئەم حکومەتانە بگرێتەوە. لەم حاڵەتدا، ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەیانتوانی، هەر کەسێکیان بە جیا، لە کاتی گونجاو و بە کردەوەیش، لە دژی بارودۆخی باو، پشتیوانی چالاکانە لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕی بکەن. بەلاّم ئامادەکردنی ئەم جۆرە بزووتنەوەیە، بە شێوەیەك، غەیری شێوەی بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمونیستی بە نهێنی لە نێو جەماوەر، لە ئەرکەکانی کۆمەڵەی کۆمونیستەکان نەبوو. زۆربەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە بنەڕەتەوە، بە شێوەیەکی باش، لەم پرەنسیپە باوە تێدەگەیشتن، تا ئەو رادە، کاتێ ئارەزوومەندی و خۆبردنەپێشەوەی هەندێ ئەندام، لە هەوڵدان بوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵە

بۆ ڕێکخستنێکی پیلانگێڕ، لە پێناوی شۆڕش بەرپاکردن بە بێ خۆئامادەکردن، خێرا ئەم جۆرە ئەندامانە لە کۆمەڵە دەردەکران.
هیچ یاسایەك لە جیهان نەیدەتوانی، بیانوو بهێنێ بۆ ناونووسکردنی ئەم جۆرە کۆمەڵەیە بەوەی کە ڕێکخستنێکی پیلانگێڕ یا کۆمەڵەیەکی نهێنییە، بە مەبەستی هەستان بە خیانەتی گەورە، دامەزراوە. گەر پیلانگێڕانەیش بوایە، ئەوا پیلانگێڕانێك بوو، بەڵام نەك لە دژی حکومەتی ئێستا، بەڵکو لە دژی ئەو حکومەتە کە جێکای دەگرێتەوە. حکومەتی بروسی ئەمەی دەزانی، و هەر ئەم هۆیەشە بوو، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، بۆچی ئەو١١تاوانبارکراوانە بۆ ماوەی ١٨مانگ لە زیندانی تاقە کەسی مانەوەو حکومەتیش ئەو ماوەیە بەکارهێنا بۆ سەیروسەمەرترین فێڵی یاسایی. بیهێننە بەر چاوتان: پاش٨مانگ تەوقیف، چەند مانگێکی تریش هێشتیاننەوە بۆ درێژەپێدان بە لێپێچینەوە((بۆ سەلماندنی تاوانێك پێی هەستابن، لەدژیاندا، هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە،))! وکاتێ تاوانبارکراوەکان لە پێشی دادگای سوێنخۆران ڕاوەستان، نەیانتوانی بە هیچ کارێکی پێزانراوی پێشوەخت کە سیمای خیانەتی گەورە پێوە بێ، بخەنە پاڵیانەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، هەموویان سزادران، و ئێستایش دەبینین بە چ شێوەیەك.
لە ئایاری١٨٥١تەتەرێکی کۆمەڵە دەستگیرکراو لە سەر ئەو بەڵگانە کە لەلای دۆزییانەوە، دەستگیرکردنەکانی تر ئەنجامکدران. یەکسەر کارمەندی پۆلیس بروسی کە ناوی (شتیبر)ە، فەرمانێکی پێگەیشت بۆ بەدواچونی پەلوپۆکانی پیلانگێڕانێکی وەهمی لە لەندەن. ئەمیش پێی کرا چەند بەڵگەنامەیەك لە بارەی ئەوانەی لە کۆمەڵە جیابوونەوە دەستبکەوێت و پاش دەرکردنیان، بەراستی کۆمەڵەیەکی نهێنیان لە پاریس و لەندەن ڕێکخستبوو. ئەو بەڵگەنامانە بە ڕێگای تاوانێکی دووگانەگی دەستیان کەوتبوو. پۆلیس پێی کرا بەرتیل بدەن بە کابرایەك بەناوی رۆیتەر، ئەمیش بیرۆی سکرتێری ئەو کۆمەڵەیە بڕێ و بەڵگەنامەکانیانی دزی. بەڵام ئەمە هەموو

مەسەلەکە نەبوو. ئەم دزیکردنە بوو بەهۆی دۆزینەوەی ئەوەی پێدەڵێن، پیلانگێڕی ئەڵمانی و فەرەنسی لە پاریس و سزادانی بەشداربووەکانی، بەڵام هیچ هەڵویستێك لە پەیوەست بە کۆمەڵەی کۆمونیستەکان نەدا بە دەستەوە. بەم بۆنەیەوە دەڵێن، پیلانگێڕییەکەی پاریس هەندی گێلەپیاوی چاوچنۆك و خوێڕی سەرپەرشتییان دەکرد، و کەسێك کە(ناوی شرڤال)ە، پێشتر بە تاوانی تزویرکردن سزادرابوو و لە پاریس وەك جاسوسی پۆلیس کاریکردووە. ئەو نەزانانە کە بە بەیاننامەی هاتوهاوارانەو دێڕو دەربڕینی ڕەنگاورەنگ، هەڵخەڵەتان، بانگەواز بۆ خوێنرشتنیان دەکرد و حەقارەتی سیاسی لە رادەبەدریان دەرخست.

بەم شێوەیە، دەبوایە پۆلیسی بروسی بکەوێتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی نویێ. لە باڵوێزخانەی بروسی لە لەندەن بەشێکی حەقیقیان بۆ پۆلیسی نهێنی دامەزراند. جاسوسێکی پۆلیس بە ناوی گرایف لە ژێر ناوی کارمەندی باڵوێزخانە هەستا بە کارە دزێوەکەی،-بەراستی، تەنها ئەم شێوە کارە، بەسە، بۆ ئەوەی هەموو باڵوێزخانەکانی بروسیا بخرێنە دەرەوەی یاسای جیهانی، کارێکە تەنانەت نەمساوییەکان پێی هەڵنەستاون- لە ژێر دەسەڵاتی بازرگانێك بەناوی فلوری(لەناوچەی بازرگانی لەندەن )کاریدەکرد، پیاوێکە خاوەن هەندێ پارەوپوولە و پەیوەندی لە لەگەڵ خەڵکانێکدا هەیە کە تا رادەیەك بەرێزن. گیانلەبەرێکە لەو گیانلەبەرە رەوشتنزمانە کە بۆگەنترین کار دەکەن بە پاڵنەرێك لە تێندێنسی سرووشتی بۆ ئەنجامدانی کاری ئاستنزمانە.. هەروا جاسوسێکی تر هەبوو، ئەویش کارمەندێکی بازرگانی بوو بە ناوی هیرش، بەڵام کاتێ گەیشتە لەندەن گومانی جاسوسێتی لێ کرا. ئەم خۆیی هاویشتە ناو ڕیزی هەندێ لە کۆچکراوە ئەڵمانە کۆمونیستەکان، بۆ ئەوەی ناسنامە راستەقینەکەی بناسنەوە، ماوەیەك لە نێو خۆیان سەبریان لەسەر کرت. خێرا پاژەکان دەسکەوتن لە سەر پەیوەندی بە پۆلیسەوە، لەو کاتەوە هیرشی بەرێز خۆیی وونکرد. سەرەڕای ئەوەی گشت توانایەکی لە دەست دەرچوو بۆ زانیاری کۆکردنەوە کە لەبریدا پارەیان پێدەدا،

به بێ کاری نەما. لە حەشارگەکەی لە کێنسیگتۆن کە بۆ جارێکیش چاوی نەکەوت بەو کۆمونیستانەی باسمان کردن، هەموو ڕۆژێك ڕاپۆرتێکی وەهمی لە بارەی کۆبوونەوەی وەهمی کۆمیتەی ناوەندی وەهمی ئەو ڕێکخراوە پیلانگێڕە دەنووسی، ڕێك لە بارەی ئەو ڕێکخراوە کە پۆلیسی بروسی پێنەکرا دەسگیریان بکا. ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتانە لەوپەڕی خرفی و بێ ئاستیدا بوو. هیچ ناوێك لەگەل واقیع ڕاست نەبوو، هیچ نازناوێك بە دروستی نەنووسرابوو. هیچ قسەیەك لە قسەی هیچ کەسێك نەدەچوو کە ڕەنگە یەکێك کردبێتی. لە سەر بارودۆخی ئەم ڕاپۆرتانە، هێرش پارەی لە فلوری مامۆستای وەردەگرت و هەرگیز نەیانتوانی بیسەلێنن کە گریف((کارمەندی باڵوێزخانە))((دەستی تەڕ)نەکردبێ لەم کارە ئابروچووانەدا. بەڵام حکومەتی بروسی، هەرچەند کارەکە سەیر بێتە بەرچاو، ئەو درۆودەڵەسانەی بە ڕاستییەکی پیرۆز دادەنا، ئەوجا مرۆڤ دەتوانێ بیهێنێتە بەرچاوی، ئەو جۆرە گەواهییانە لە ماددەی تاوانبارکردن، لە بەردەم دادگای سوێندخۆران پیشاندرا، چ هەراو فەرتەنەیەکی نایەوە. کاتێ دادپەروەرییەکە دەستی پێکرد، شتیبەر(کارمەندی پۆلیس کە پێشتر ناومان هێنا) وەك شایەت هاتە پێشەوەو پاش سوێنخواردن، دووپاتی راستی هەموو ئەو درۆدەڵەسانە کردەوە. بە شانازییەکی گەورەوە دووپاتی کردەوە کە یەکێك لە جاسوسە نهێنییەکانی کە پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەی هەیە لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە لەندەن دەژین و دەبێ بە ڕێکخەرانی سەرەکی ئەو پیلانگێڕییە ترسناکە دابنرێن. بەراستی ئەم جاسوسە نهێنییە، لە واقیعدا، لە نهێنیدا دەژیا، چونکە لە ترسانەوە، بە درێژایی هەشت مانگ لە حەشارگەکەی کێنسینگتۆن خۆی شاردبووەوە بۆ ئەوەی بەڕاستی چاوی بە یەکێك لەوانەی بەڕاست لەو پیلانگێڕییە بەشدارن کە هەفتە بە هەفتە، وەك ئیدعای دەکەن، ڕاپۆرتی لە بارەی مەبەست، ووتە و کردەوە زۆر نهێنییەکانیان دەنووسی.

بەڵام هیرش و فلۆری بەڕێز لە جانتاکەیاندا دۆزینەوەیەکی تریان هەڵگرتبوو. هەموو ئەو راپۆرتانە کە دروستیان کردبوو، سەرلەنوێ بە خۆیان بە وێنەی((فایلی دروستی راپۆرتی کۆبوونە))ی کۆمیتەی نهێنی باڵا دارشتبوو و پۆلیسی بروسی داکۆکی لە بوونی دەکرد. لەبەر ئەوەی شتیبەر بینی کە ئەو فایلە بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر جووتە لە گەڵ ئەو راپۆرتانە کە پێشتر لە لایەن هەمان ئەو کەسانەوە دەستی کەوتبوون، خێرا پێشکەشی سوێندخۆرەکانی کرد، و سەرلەنوێ پاش سوێندخواردن، رایگەیاند کە پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردبینانە، گەیشتووە بەوپەڕی باوەڕ کە ئەو فایلانە درووستن. رێك لەو کاتەوە، بەشی زۆری ئەو درۆدەڵەسە پڕوپووچانەی هیرش بڵاوکرایەوە.

ئەوجا مرۆڤ دەتوانی تەسەوری سەرسوڕمانی ئەو ئەندامە وەهمییانە بکا لەو کۆمیتە نهێنییە. کاتێ بیستیان چی لە بارەیانەوە دەگوترێ کە هەرگیز رۆژێك لە رۆژان بە خیالیشیان نەهاتبوو. ئەوەی ناویان لێ نابوو غلیوم، ناوی ببوە لویس یا شارل، کەسانی تر گوایە لە لەندەن خیتابیان خوێندووەتەوە، بەڵام لە راستیدا لەو کاتە، لە شوێنێکی تری بەریتانیا بوون، ولە بارەی کەسانی تر، گوایە نامەیان خوێندووە، کە هەرگیز وەریانەگرتووە، هەروا ئاماژە بەوە کراوە، کە بەرێکوپێکی هەموو پێنجشەمەیەك کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وا ڕاهاتبوون، هەموو هەفتەیەك لە چوارشەمواندا کۆدەبوونەوە، و ناوی کرێکارێکیان هێناوە کە بەحاڵ دەزانێ بنووسێ، کەچی وەك یەکێك لە دانەرانی نووسینی راپۆرتی کۆبونەوەکان و ئیمزایشی کردوون، بەو سیفەتە وەك ئیدیعای. لە راپۆرتەکەیاندا، هەمووشیان ناچارکردووە، بەزمانێك بپەیڤن، زیاتر لە زمانی بەشێك لە بەشەکانی پۆلیسی بروسی دەچێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە زمانی کۆمەڵەیەك ناچێ، زۆربەی ئەندامەکانی لە نووسەرانێك پێکهاتووە لە وەڵاتەکانیان ناوداریان هەیە. بۆ تەواوکردنی هەموو ئەوانە، پسۆلەیەکی پوولیان تەزویر کردبوو کە ئەو دوو مزەوەرە

وەریان گرتووە لە بەرامبەر وەرگرتنی فایلی کۆبوونەوەکانی سکرتێری وەهمی ئەو کۆمیتە ناوەندییە وەهمییە. بەڵام بوونی ئەو کۆمیتە ناوەندییە وەهمییە، فێڵکارییەکە، کۆمونیستێکی غەدار بۆ (هێرش)ی بێچارە رێکخستووە.
ئەم ساختەکارییە زەقە ئەوەندە ئابروچوانە بوو، دەبوایە بە تەواوەتی کارتێکردنێکی رووبەروو بکا، بە پێچەوانەی کارتێکردنی مەبەستدار. سەرەڕای ئەوەی برادەرانی تاوانبارکراوی لەندەن، لە هەر توانایەك بۆ ئاگارکردنەوەی سوێندخۆران لە بارەی بارووودۆخی مەسەلەکە بێ بەش بوون، و سەرەڕای ئەوەی ئەو نامانەی کە بۆ پارێزەرەکان دەنێردران، لەلایەن پۆستە دەستیان لەسەر دەگیرا، سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەنامەکان و ئیفادە دەسنووسەکانیان پاش سوێندخواردن کە هەر چۆنێك بێ، گەیاندیان بە دەستی پارێزەرەکانیان، رێگایان پێنەدرا وەك بەڵگەیەکی دادپەروەری بە دادگا بدرێ. لە گەڵ ئەوەشدا، تورەیی گشتی لە پلەیەکی وا توند بوو، تەنانەت پارێزەرانی دەوڵەت و هەروا بەخودی شتیبەر-کە پاش سوێندخواردن کەفالەتی درووستی راپۆرتی کۆبوونەوەکان کرد- دان بنێن بەوەی کە ئەو سجلانە ساختە کراون.
بەڵام ئەو تەزویرانە تاقە کار نەبوو لەو جۆرە کارانە کە پۆلیس پێیهەستاوە. لە کاتی دادگاییکردنەکە دوو تا سێ رووداو لەم چەشنە روویدا. بەرێگای پەراوێزەکانەوە، پۆلیس تەزویری ئەو بەڵگەنامانەی کرد کە رۆیتەر دزیبوونی و بەو شێوەیەش ماناکەی تێکدرابوو، بەڵگەنامەیەکیان پڕ لە درۆی شاخدار، بە خەتێك، دەمەلاسکێی خەتی دوکتۆر مارکس دەکا نووسیبوو، و ماوەیەکی درێژ بە نووسەری ئەو بەڵگەنامەیە دادەنا، تا پارێزەری دەوڵەت لە دواجار ناچار بوو دان بە تەزویرەکە بنێ. بەڵام لە شوێنی پەردەهەڵماڵێن لە سەر هەر بۆگەنییەکی پۆلیس، پێنج تا شەش بۆگەنی تری نوێ دەردەکەوت کە نەدەکرا دەستبەجێ پەردەیان لە سەر هەڵبدرێ، چونکی یەکسەر بەرگریان دەکردو لە بەر ئەوەی دەبوایە بەڵگەکان لە لەندەنەوە دەستبکەوێ و لەبەر

ئەوەی، هەر نامەگۆڕینێك لە نێوان پارێزەرەكان و كۆمونیستە كۆچكراوەكان لە لەندەن، لە دادگادا ، وەك بەشدارییەك لەو پیلانگێڕییە وەهمییە شرۆڤە دەكرا!

ئەمما گریف و فلوری بە راست ئەو كەسانە بوون كە وەك پێشتر وەسف كران، ئەوا ئەمە بەرێز شتیبر بە خۆی وەك شایەتێك لە قسەكانیدا، دووپاتی كردەوە. ئەوەی پەیوەندی بە(هیرش)ەوە هەیە، لە پێشی دادپەروەی پۆلیس لە لەندەن دانی نا بەوەی كە بە فرمانی فلوری و بە شدراربوونی، بەخۆی هەستاوە بە((تەزویری سجلی كۆبوونەوەكان))و پاشان بۆ ئەوەی لە بەدواچوونی دادگا رزگاری بێ، بەریتانیای بەجێهێشت.

ئەو پەردەهەڵماڵینە لە سەر راستییەكان لە بەردەم دادگا زۆر ئابرووچوون بوو و حكومەتی رەنگ زەرد كرد. پێكهاتی ئەو یاساناسانە كە لەم دادگاییكردنە پێكهاتێك بوو، لە ناوچەی راین هاوتای نەبینیبوو: شەش ئەشرافی كۆنەپەرەستی تۆخ، چوار كەس لە خاوەن پوولە گەورەكان و دوو كارمەندی حكومەت. ئەمانە زۆر مەیلی ئەوەیان نەبوو، بیریان بەكاربهێنن لەو تۆپەڵە تێكوپێكچووەی ئەو بەڵگانەی وا لە ماوەی شەش هەفتە لە بەردەمیان كەڵەكەیان كرد، شانبەشانی هاوارە بەرزەكان كە بە نەپچراوی لە گەوێیاندا دەنگیان دەدایەوەو دەیاگوت: تاوانبارەكان سەركردەی پیلانگێڕییەكەی كۆمونیستین ترسناكن، ئامانجیان ئەوەیە هەموو پیرۆزێك برۆخێنن: موڵكداری، خێزان، ئاین، سیستێم، حكومەت و یاسا!لە گەڵ ئەوەشدا، گەر حكومەت لە هەمان كاتدا سەرەنجی چینە ئیمتیازدارەكان نەكێشابا بۆ ئەوەی كە ئازادی لەم دادگاییكردنە دەبێ بە هێمایەك بۆ لابردنی دادگای سوێنخۆران و بە خۆپێشاندانێكی سیاسی دادەنرێت، و بەڵگەیەكە لە سەر ئەوەی كە ئۆپۆزیتسیونی بۆرژوازی لیبراڵ ئامادەیە هاوكاری لە گەڵ توندترین شۆڕشگێڕی رادیكاڵ بكا، ئەو كاتە حوكم بە ئازادكردنیان دەدرا. سەرەڕای ئەوەش حكومەت پێی كرا، بە رێگای جێبەجێ كردنی یاسای سزادانی بروسی نوێ كە یاسایەكە، وەك دەڵێن كارتێكردنی بە سەر رابردوویش

دەگرێتەوە، بیگەن بە دەرکردنی سزای زیندانی لە سەر حەوت تاوانبارکراو و ئازادکردنی تەنها چوار کەس. ئەو حەوت کەسە بۆ ماوەی جۆراوجۆر، لە نێوان سێ تا شەش ساڵ سزادران. بێ گومان پێشتر ئاگاتان لێ بوو، کاتێ هەواڵەکەتان بەدەست گەیشت.

بە ئەنگلیزی نووسراوە

لە ٢٩/١١/١٨٥٢

لە رۆژنامەی نیویۆرك دیلی تریبونە، ژمارە ٣٦٤٥، لە ٢٢/١٢/١٨٥٢بڵاوکراوەتەوە

ئیمزا: کارل مارکس